# خەبات کردن مەرجی سەرکەوتنە

**شێرزاد عمر محمد فرج***

لە گەڵ ئەوەی بڕوای تەواوم هەیە کە ژنان و پیاوان دەست لە دەست و پشت بە هێزی لە بن نەهاتوی خۆیان دەتوانن خەباتی نەبراوە بکەن لە پێناو نەهێشتن و بنەبڕکردنی چەوساندنەوەی ژنان، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە کوردستان دەیبینین بەتایبەتی لەم ماوەی دواییەدا بەرفراوان بوونی دیاردەی کوشتن و قەسابی کردنی ژنانە و لە هەمان کات دا بێ دەربەست بوون و بێ دەنگە کردنی نزیکەی تەواوی ژنانی کوردستانە لەم دیاردە نامرۆڤانەیە.
هەرچەندە کوشتن هەر کوشتنە، بەڵام جۆری کوشتنەکانیش شێوەیەکی دڕندانەترو نامرۆڤانە تری بە خۆوە گرتووە. ئەوەتا دەبینین بە بەرچاوی بچوك و گەورەوە ژنان بە بلۆك وبەرد و دار و چەقۆ و تفەنگ خەڵتانی خوێن دەکرێن.
دەسەڵات دارانی کۆنەپەرستیش لە ئاست ئەم هەموو تاوانە گەورانەدا جووڵەیان نییە و ئەو هەوڵە بچووکانەیش جار جار لە خۆیان نیشان دەدەن خۆ دەربازکردنیانە لە بەرپرسیارێتی و خۆڵ کردنە چاوی جەماوەری خەڵکە. ئەوان کە چەندین دەزگای جاسوسی و زانیاری کۆکردنەوەیان هەیە لە دژی نەیارانی سیاسییان، ئەوان کە جێ پێی بچوکترین نارەزایی کە هەڕەشە بێت بۆیان زۆر بە خێرایی دەدۆزنەوە و چواردەوری دەگرن، ئەوان کە بۆ ڕازی کردنی هاوپەیمانەکانیان لە شیعە و سونە زۆرترین ووزە بەکاردەهێنن، ئایا ناتوانن ڕێگە بگرن لە کوشتنی ژنان؟ زۆر بەدڵنیاییەوە دەتوانن. ئەی بۆچی ئە و کارە ناکەن؟ ئەمە پرسیارێکە کە خەڵك بەتایبەتی ئەو بزوتنەوەو ڕێکخراوانەی کە بەرگری دەکەن لە ژنان و لە هەموشیان گرنگتر کۆمەڵانی ژنانە کە دەبێت لە خۆیانی بکەن. دیارە دەسەڵاتی کوردی وەك هەموو دەسەڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان ناوەرۆکێکی بۆرجوازیانە ی کۆنەپەرستی هەیە و هەرگیز نابێت دڵمان پێی خۆش بێت و وابزانین کار دەکات بۆ خۆش گەزەرانی خەڵك. ئەوە جەماوەری بەرینی خەڵکە کە دەبێت ئەم دەسەڵاتە بخاتە ژێر فشاری خۆیەوە و بە هێزی نەبڕاوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەم دەسەڵاتە بهێنێتە پای جێ بەجێ کردنی داواکارییەکانی. بۆیە بۆ کێشەی ژنانیش هەر دەبێت جارێکی تر ئێخەی دەسەڵات بگرینەوە و بە تایبەتی ژنان چیتر نابێت بەم وەزعە قایل بن. نابێت ڕێگە بدەن هاوڕەگەزەکانییان ئاوا شەڵتانی خوێن بکرێن. ئەوەش زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ژنانی پێشڕەو و خەباتگێڕی کۆمەڵگای کوردی کە بکەونە پێش و ئاڵای ئەم تێکۆشانە بگرنە دەست و شان بە شانی پیاوانی شۆڕشگێڕی هاوخەباتیان هەوڵەکانییان یەکخەن و چیتر ڕێگە نەدەن هێزە کۆنەپەرست و تاکە خۆپەرست و جاهیلەکان هەستن بە لەناو بردنی ڕەگەزی مێ. لێرەدا پێویستە چاو بکەین لە کۆمەڵگاکانی ترو لە دەرس و تەجرەبەکانییان کەڵك وەرگرین و نمونەی ڕۆزا لوکسمبۆرگ و کلارا زیتکینەکان لە کوردستانیش دەرکەون، ئیتر بیری داڕزیو و دواکەوتوانە بۆ هەمیشە بنرێتە ژێر چاڵ و یاسایەکی مۆدێرنی هاوچەرخی سیکۆلار بسەپێنرێت بەسەر دەسەڵاتداران دا و چەندین ڕێکخراوی چاودێری جێ بە جێ کردن و هەڵخراندنی کۆمەڵایەتی بێنە دروست کردن، بە جۆرێك کە هەر تاوانێك دەرهەق بە ژنان ببێتە هۆی ڕژانی کۆمەڵانی خەڵك بۆسەر جادەکان . خاڵی دەستێکردنی ئەمانە هۆشیار بونەوەی ژنان و پیاوانی کۆمەڵگاکەمانە، بۆیە لە ئێستادا گرنگترین هەنگاو بەردەوام بونە لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر و خراندنیانە لە دەوری داواکارییە بەرهەقەکانی کۆمەڵانی ژنان.

20/8/2007

*له بەر ئەوەی بەڕێزێك بە هەمان ناوی منەوە نوسینی هەیە بۆیە من لێرە بە دواوە بە ناوی سیانی  خۆمەوە دەنوسم